


Preview sample - page 1 of 3 - Soran University Academic Digital Library

واتای دروشمی زانکۆی سۆران

١. شێوەی بازنەیی دروشمی زانکۆ، واتای هاوچەرخێتی و جیهانگەریی گۆی زەوی دەگەیێنێ، کە وەک بۆتەیەک ناوێتەبوونی زانستەکان دەگرێتەخۆی و کوردستان و زانکۆی سۆرانیشی لەناودایە.

٢. خۆری درەوشاوەی ناو بازنەکە، بە بیست و یەک تیشکەوە، هێمایە بۆ هەڵهاتنی خۆری نازادیی و نالای کوردستان، کە فاکتەرن بۆ دەرکەوتنی ڕۆژی زانست و زانیاری.

٣. کتێبەکەی خوارەوە، کە وەکو دوو باڵی باڵندەی شاهۆ، زانکۆی هەڵگرتووە و بەرەو بەرزی دەفڕێ و هێمایە بۆ بناغەیەکی پتەوی زانستی، کە جیهان بە گشتی و زانکۆی سۆرانی بە تایبەتی لەسەر بەندە. دوو توێی کتێبەکەش، بەیەکەوە بەستنەوەی میژووی پڕ سەروەریی کورد و لایەنی شکۆمەندی کلتوورە بۆ جیهانی هاوچەرخی شارستانی. بنچینەی ئەم کتێبەش لەسەر پلانی (بەرەو ئایندە) داڕێژراوە، واتە، کاروانی پێشکەوتن بەردەوام و بێپایانە.

٤. لەسەر کتێبەکە ناوی زانکۆی سۆران بە کوردی و ئینگلیزی نوسراوە، کە لە ساڵی (٢٠٠٩) دامەزراوە.

٥. لە ناوەڕاستی دروشمەکە چوار باڵی شین بە دوای یەکدا ڕێزکراون، کە گوزارشت لە چوار پارچەی کوردستان دەکەن و کە لە باڵندە دەچن، کە بەرەو بەرزی دەفڕن و لە لایەکی تریش لە تەپۆلکە دەچن، کە گوزارشت لە تۆپۆگرافیای کوردستان دەکەن و کەوتوونە دامێنی دوو چیای سەرکەش، کە جگە لەوەی هێمان بۆ سروشتی کوردستان، هێماشن بۆ سروشتی شاخاویی سۆران و بەرزترین لووتکەچیاکانی هەرێم کە (هەڵگورد) و (کۆڕەک)ـن.

Preview sample - page 2 of 3 - Soran University Academic Digital Library

پڕۆگرامی ڕێوڕەسمی دەرچوون

- هاتنە ژوورەوەی قوتابیان، مامۆستایان و نە نجومەنی زانکۆ بە مارشی سروودی زانکۆ بۆ ناو گۆڕەپانی ناهەنگ.
- خوێندنەوەی چەند نایەتێك لە قورئانی پیرۆز.
- خولەکێك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان لەگەڵ مارشی نەی ڕەقیب.
- وتاری سەرۆکی لێژنەی باڵای ڕێوڕەسمی دەرچوون.
- وتاری سەرۆکی زانکۆی سۆران.
- وتاری نوێنەری قوتابیانی زانکۆی سۆران.
- سوێندی دەرچوان.
- بەخشینی بڕوانامەکان.
- دابەشکردنی خەڵات بە سەر یەکەمەکان.
- کۆتایی ڕێوڕەسمی دەرچوون و چوونە دەرەوەی قوتابیان بە مارشی سروودی زانکۆ.

Preview sample - page 3 of 3 - Soran University Academic Digital Library